# ئەگەر بانگبێژ بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، ویەکێکتان بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر بانگبێژ بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، ویەکێکتان بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله)، (ئەویش) بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (أشهد أن محمدا رسول الله)، (ئەویش) بڵێت: (أشهد أن محمدا رسول الله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (حي على الصلاة)، (ئەویش) بڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (حي على الفلاح)، (ئەویش) بڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، (ئەویش) بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (لا إله إلا الله)، (ئەویش) بڵێت: (لا إله إلا الله) ؛ لە دڵیەوە ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

بانگدان بۆ ئاگاداركردنەوەی خەڵكیە كە كاتی نوێژكردن هاتووە، و ڕستەكانی بانگدان ؛ ڕستەكانی بیروباوەڕی لەخۆگرتووە لەئاینی ئیسلامدا. لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەی ڕێگەپێدراوە لەكاتی بیستنی بانگدا ؛ ڕوونیدەكاتەوە، ئەویش ئەوەیە بیسەر وەكو بانگبێژ بڵێت، ئەگەر بانگبێژ ووتی: (الله أكبر الله أكبر)، ئەوا بیسەریش دەڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، بەم شێوە لەپاش بانگبێژ ڕستەكان دووبارە دەكاتەوە هەتا بانگبێژ دەگاتە ئەوەی دەڵێت: (حي على الصلاة) ، (حي على الفلاح)، لەم كاتەدا بیستەر دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله). پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ ئەوە كرد هەركەسێك بەدڵسۆزی لەدڵیەوە بانگەكە دووبارە بكاتەوە لەپاش بانگبێژ ؛ دەچێتە بەهەشتەوە. مانای ڕستەكانی بانگدان: (الله أكبر): واتا خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لەهەموو شتێك گەورەتر وشكۆدارترە. (أشهد أن لا إله إلا الله): واتا هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله. (أشهد أن محمدا رسول الله): واتا دانیپێدا دەنێم وشاهێدی دەدەم بە زمان ودڵم كە موحەمەد پێغەمبەری خودایە، خوای گەورە ناردوویەتی، وگوێڕایەڵیكردنی واجبە. (حي على الصلاة): واتا وەرن بۆ ئەنجامدانی نوێژ، وكاتێك بیسەر دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله): واتا هیچ ڕێگایەكمان نییە بۆ دەربازبوون لەڕێگریەكانی پەرستشەكان وهیچ هێز وتوانایەكمان نییە لەسەر كردنی هەرشتێك مەگەر بە یارمەتیدانی خوای گەورە نەبێت. (حي على الفلاح): واتا وەرن بۆ هۆكارەكانی بردنەوە وسەركەوتن وسەرفرازی، ئەویش بردنەوەی بەهەشت وڕزگاربوونە لە دۆزەخ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65086